# من پێش غولامی و ڕەزازی هاتمە دەرەوەو دواتر کۆڕی بانگەوازمان دروستکرد



هونەرمەندو سرودبێژی شۆڕش (غولام عەلی ئاتەشی) ناسراو بە (کاڵێ) هونەرمەندێکی ڕەسەن و شۆڕشگێری کوردستان و خاوەنی چەند کاسێت و سیدێی سرود و گۆرانییە و پاش چەند ساڵی پێشمەرگایەتی ئێستا لە سوید دەژی و خاوەنی کچ و کوڕێکە و لە سەردانەکەی ئەمجارەی بۆ شاری سلێمانی ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازدا.

- ناوی تەواوم (غولام عەلی ئاتەشی)یە، نازناوم (کاڵێ)یە. هەر لەمناڵییەوە ئەو ناوەم لەسەر نراوەو خەڵکی بەناوی کاڵێ بانگم دەکەن، دەمەوێت بڵێم: یەکەمجار بەستەو مەقامی (شیرین بەهارە)م خوێند کە مامۆستا تایەر تۆفیق خوێندوویەتی، ئیدی ڕەسمەن لەساڵی (١٩٧٩) لەگەڵ تیپی مۆسیقای (هانا) دەستم کرد بەسرورد. پێش ئەوەی سەردەمی شۆڕشی ئێران بوو، بۆ جوڵاندنی هەستی خەڵکی سرودمان دەخوێند و یەکەم سرودم (پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن)، دوای ئەوە (هێزی گەل) بوو ئەوکات کاک (نەجمەدین غولامی)یش لەگەڵ ئەو تیپی مۆسیقای (هانا)یە هاوکاری دەکرد، پێکەوە ئێمە کاسێتێکمان دەرکرد هەمووی سروود بوو.

دوای ئەوە کاسێتێکمان بڵاوکردەوە لەشاری (سنە) پێشوازییەکی زۆری لێکرا، پاشان کۆماری ئیسلامی هەڵمەتێکی کرد بەناو شاری سنە، خەڵکی ئەو شارەش بەرگرییەکی زۆریان کرد لەبەرامبەر (تانك و تۆپ و تەیارە)، ئەوەی کە شانازییە بۆ ئێمە ئەوەیە ئێمەش بۆ هاوکاری خەڵك لە هاندانیان بۆ شۆڕش و مقاوەمەت بە سروودەکانمان بەشداریمان دەکرد.

-ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٦)زایینی یەکەم گۆرانیم وت، پاشان لەساڵی (١٩٧٩) لە تیپی (هانا)و لەوێ کاتەوە کۆماری ئیسلامی هەڵمەتی بۆ خەڵکەکە برد، ئیدی ئێمەش لەگەڵ خەڵکدا بووین و خۆشم بووم بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، ساڵانێکی زۆر لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا بووم، لەناو کۆمەڵەشدا چەندین سرودو گۆرانی و بەرهەمم هەبووە، واتا کاری هونەریم لە سەردەمی پێشمەرگایەتیمەوە زیاتر دەستی پێکردووەو چەندین کاسێتی گۆرانی و سرودم بڵاوکردۆتەوە. دوای ماوەیەك کە ئیتر هونەرمەندان (نەجمەدینی غولامی، ناسری ڕەزازی) و ئەوانیش هاتن توانیمان کۆڕێك بەناوی (بانگەواز) پێکبێنین، پێش ئەوەی ئەوان بێنە دەرەوە لە (خری ناو زەنگ) کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە بوو، بەڕێز (مام جەلال) هات بۆ کۆنگرەکەمان، ئەوکات کۆڕی مۆسیقامان نەبوو، لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزاندا ئەو وەختە کاك ئاراس و کاك هیواو مامۆستا مەجید بووین، من لەگەڵ تیپی شەهید کارزاندا چەند بەرهەمێکم تۆمارکرد لەوانە (یەکی ئایار) و (پێشمەرگەی کرێکارانین).

-دوو کاسێتی گۆرانی و یەك کاسێتی سروودو یەك سێدی سێدی گۆرانی و یەك سێدی سرودم هەیە.

-دڵشاد مەریوانی هەم شاعیرو هەم شۆڕشگێڕبوو، ئەدیب بوو، لەو بارەیەوە پەیوەندیمان پەیداکردووە، دەچووینە ماڵی یەکتری، ئەو سەردەمە کە پێشمەرگە بووین لە (مالومە)دەهات بۆلام، شیعری بۆ دەهێنام شیعرەکانیشی لەناو کۆمەڵەدا دەنگیان هەبوو، یەعنی چێژی ئازارو مەینەتی ئەو سەردەمەی پێوەبوو کە ڕژێمی بەعس بەسەر خەڵکی دەهێنا، ڕۆژێك شیعری بۆ هێنام (ئامان لەرزانە) وتی ئەمە بەسەرهاتێکی واقعییە، دەتوانی شتێکی بۆ بکەی مەسەلەی بەسەرهاتەکەیشی وتی:" پانزە کەس لەهاوڕێیانم، لە زیندانی موسڵدا بوون، چووم بیانبینم، دوای سەعاتێك کە تەنخیریان کردم، وتم من دەمێکە چاوەڕێم بۆچی تەئخیربوون؟ وتیان:" ئەوە حوکمی هەر پانزە کەسمان هاتووەو بەیانی ڕەمیمان دەکەن، ئەوە دەستمان گرتووەو هەڵئەپەڕین، ئیحساساتی ئەو هاوڕێیانەم وای لێکردم ئەو شیعری (ئامان لەرزانە) دابنێم. ئەوەبوو خۆیشی هەرسەرنگوم کراو بەدەردی ئەو هاوڕێیانەی چوو.

- من لەماڵی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی چەند شەو پێکەوە توانیمان سرود تۆمار بکەین دیارە بەنهێنی، هەموو ئیمکاناتێکی بۆمان دابین دەکرد نمونەیەك باس بکەم، کاك (ئەکرەمی حەپسە) هونەرمەندێکی زۆر شۆڕشگێڕبوو کاسێتی (سروەی سەبا)مان لەماڵی ئەم هونەرمەندە تۆمار کرد ئەویش هەموو شتێکیان بۆ دابین کردین، واتە شەوێك کە (منع التجول) بوو، ئەگەر بهاتنایە هەموومان بەعازفەکانیشەوە ماڵەکەیان تەخت دەکرد.

-گۆرانی و سرودم هەیە بە تێکەڵی، بەڵام زۆربەی گۆرانییە.

- سەردەمێك لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشا (مامۆستا چەتۆ) و (مامۆستا زراز) کە بەرپرسیار بوو ماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا بووین و بەنهێنی سەردانیانمان دەکرد و هاوکارییان دەکردین، چەند سرودێکمان بەرهەم هێنا لەوانە (بەڕێزە گیانبازیتان)و (ئای گوێگرن).

- واقیعەت وایە کە گرنگی نەدراوە لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوەو ئیمکانیەتی خۆیشم لاواز بووە.